# حوکمی ڕشانەوەی مناڵی شیرە خۆر

< كوردي >

شێخ عبد العزیز بن باز

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# حكم قيء الطفل

< كردي >

عبد العزيز بن باز

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# حوكمی ڕشانەوەی منالی شیرە خۆر

**پرسیار :** منالێكم هەیە شیری قوتو دەخوات، لەیەك كاتژمێردا زیاتر لەچەند جارێك هڵێنج دەدات، هەندێك جاریش دەڕژێت بە جلوبەرگەكانمدا، و منیش بەبێ ئەوەی بیانشۆم نوێژەكانم دەكەم، ئایا پێویست دەكات هەموو جارێك دەست نوێژ نوێ بكەمەوە و جلوبەرگەكانم بگۆڕم، وە ئایا نوێژەكانم دروستن بەبێ ئەوەی ئەوانە بكەم ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

پێدەچێت بەرێزت مەبەستت ئەوە بێت لە ئەنجامی خواردنەوەی ئەو شیرە ئەو منالە بڕشێتەوە، كاری مەشروع و ڕێگا پێدراو ئەوەیە كە ئەو جێگایەی كە ڕشانەوەكەی بەردەكەوێت بیشۆیت، چونكە هەندێك لە زانایان بەلایانەوە وایە ڕشانەوەی منال حوكمەكەی وەك حوكمی میزەكەی وایە، جا لەبەر ئەوە مەشروع وچاك وایە كە ئەگەر هاتوو ڕشانەوەكە زۆر بوو ئەوا جلوبەرگەكەت هەمووی بشۆیت، خۆ ئەگەر هاتوو كەمیش بوو، ئەوا هیچ پێویست ناكات و لە شەرعدا چاوپۆشی لێكراوە، بەڵام هەر باشتر وایە ئەو جێگایەی كە بەر ڕشانەوەكە دەكەوێت بیگریت وبیشۆیت.

سەبارەت بە دەستنوێژكەیشت هیچ پێویست ناكات نوێی بكەیتەوە، چونكە شتێك ڕووی نەداوە كە ببێت بەهۆی دەست نوێژ شكاندن، بەڵام وەك ووتمان جارێكی تر ئاماژەی پێدەكەینەوە ودووپاتی دەكەینەوە، ئەو جلوبەرگەری بەر میز و ڕشانەوەی منال دەكەوێت باشتر وچاكتر وایە وەك ئیحتیاط بشۆرێت، بۆ دەرچوون لەو خیلاف و ڕا جیایەی هەیە لە نێوان زانایاندا لەم بارەیەوە ..

خوای گەورەش زاناترە ....

سەرچاوە : ماڵپەڕی فەرمی سەماحەتی شیخ عبد العزیز بن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ).